کاونسڵی شاری بریستڵ
خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پەروەردە

# دەوامی خوێندنگا:
# ئایا دەبێت دایکوباوکان وسەرپەرشتیاران چی بزانن

دەوامی خوێندنگا
**هەموو ڕۆژێک گرنگە**
پشتگیری منالّەکەت بکە بۆ
بەدەست هێنانی **باشترین دەستکەوت**

**ALBANIAN**
Nëse anglishtja nuk është gjuha juaj amtare dhe keni nevojë për një përkthim, ne mund t'ua sigurojmë atë.

**BENGALI**
ইংরেজী আপনার মাতৃভাষা না হলে এবং আপনার কোন অনুবাদের প্রয়োজন হলে আমরা তা প্রদান করতে সক্ষম।

**CHINESE**
如果英文不是您的第一語言，而您需要翻譯的話，我們可以爲您安排。

**GUJARATI**
જો તમારી પહેલી ભાષા અંગ્રેજી ન હોય અને તમને ભાષાંતરની જરૂર હોય તો અમે તમને તે આપી શકીએ છીએ.

**HINDI**
यदि अँग्रेज़ी आप की पहली भाषा नहीं है और आप को अनुवाद की आवश्यकता है तो यह हम आपको प्रदान कर सकते हैं

**KURDISH**
Heke îngilîzî zimanê we yê yekem nîne û pêwîstîya we bi wergêr heye, em dikarin yekî ji we re bibînin

**POLISH**
Jeżeli język angielski nie jest Twoim językiem ojczystym i wymagasz tłumaczenia, możemy to zapewnić.

**PORTUGUESE**
Se o Inglês não é a sua língua materna e precisa de uma tradução, nós podemos obtê-la.

**PUNJABI**
ਜੇਕਰ ਇੰਗਲਿਸ਼ ਤੁਹਾਡੀ ਪਹਿਲੀ ਭਾਸ਼ਾ ਨਹੀਂ ਅਤੇ ਤੁਹਾਨੂੰ ਦੁਭਾਸ਼ੀਏ ਦੀ ਜ਼ਰੂਰਤ ਹੈ ਤਾਂ ਤੁਹਾਡੇ ਲਈ ਅਸੀਂ ਇਸਦਾ ਪ੍ਰਬੰਧ ਕਰ ਸਕਦੇ ਹਾਂ।

**SOMALI**
Haddii Ingiriisku aanu ahayn afkaaga kowaad oo aad u baahan tahay turjumaad, annagaa kuu samayn karra.

**URDU**
اگر انگریزی آپ کی پہلی زبان نہیں ہے اور آپ کو ترجمہ کی ضرورت ہے تو ہم آپ کے لئے فراہم کر سکتے ہیں۔

**VIETNAMESE**
Nếu quí vị không thao Anh văn và cần bản dịch, chúng tôi sẽ giúp quí vị một bản.


خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پەروەردە
تیمی باکور
تەلەفون: 01173533686
فاکس:01173533688
تیمی باشور
تەلەفون: 01179031660
فاکس: 01179031684


## „ئەگەر ئاگادارینامەی سزام بۆ هات و پارەکەم نەدا چی ڕوودەدات؟“

تۆ لەو ڕۆژەوە کە ئەو ئاگادارینامەیە وەردەگریت ماوەی هەتا 42 ڕۆژت هەیە بۆ ئەوەی هەموو پارەی سزاکە بدەیت. ئەگەر هەموو پارەکە لەو ماوەیەدا نەدرا دەسەڵاتی خۆجێیی ئەرکی سەرشانێتی بەپێی یاسا کە لە دادگای ماجسترەیتدا ڕێوشوێن بگرێتە بەر بۆ سەرپێچی بنەڕەتی بزربوونی ڕێگەپێنەدراو لەلایەن منالّەکەتەوە.
ئەگەر سەلمێندرا، ئەوا دەکرێت ببێتە هۆی غەرامەی هەتا 1،000 £ یان/وە زنجیرەیەک هەڵسوکەوت وەک فەرمانی دایکوباوک (Parenting Orders) یان حوکمدانی کۆمەڵگا (Community Sentencing)

## „ئەگەر من غەرامەکە بدەم بەڵام منالّەکەم هێشتاهەر لە خوێندنگا بزر ببێت ئایا دەکرێت من بدرێمە دادگا؟“

بۆ ئەو ماوەیەی کە لە ئاگادارینامەی سزاکەدا هاتووە تۆ نادرێیتە دادگا. پارەدانەکە لەوە ڕزگارت دەکات کە لەسەر ئەوە بدرێیتە دادگا.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت درانە دادگا بگیرێتە بەرچاو بۆ ماوەی زیاتری بزربوونی ڕێگەپێنەدراو کە ئاگادارینامەی سزاکە نەیگرتۆتەوە، بەگوێرەی هەلومەرجەکان. ئەگەر ئەوە کێشە بوو بۆ تۆ، شتێکی گرنگە کە لە نزیکەوە لەگەڵ خوێندنگای منالّەکەت هاوکاری بکەیت وە پشتگیری دەزگاکانی وەک خۆشگوزەرانی پەروەردە بکەیت.

## „ئایا ئەگەر منالەکەم بەبەردەوامی نەچێت بۆ خوێندنگا هیچ یارمەتیەکم دەدرێت“

بەڵێ، خوێندنگای منالّەکەت و خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پەروەردە ڕێنمایی و پشتگیریت پێشکەش دەکەن ئەگەر تۆ پێویستیت بە یارمەتی هەبێت بۆ کێشەی دەوامی منالّەکەت.
زۆر گرنگە کە تۆ لەگەڵ خوێندنگاکە یان لەگەڵ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پەروەردە قسە بکەیت لە زووترین بواردا ئەگەر تۆ بەهیچ جۆرێک خەمی دڵنیابووونت بوو لە دەوام کردنی منالّەکەت.

## "بۆ هەموو ڕۆژێک دەوام بکەن؟"

دەوامی باشی خوێندنگا بواری سەرکەوتن دەدات بە منداڵەکەت وە یارمەتی دەدات کە کارامەیی بنیات بنێت بۆ ژیانی. منداڵەکەت دەبێت هەموو ڕۆژێک بچێت بۆ خوێندنگا تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە هۆیەکی ناچاریی هەبێت وەک نەخۆشی.

فەوتاندنی دەوامی خوێندنگا ڕادەی فێربوونی منداڵ وە هەروەها پلەکانیشی تێکدەشکێنێت ( توێژینەوەکان دەریانخستووە کە فەوتاندنی 17 ڕۆژی خوێندنگا زۆرجار دەبێتە هۆی دابەزاندنی پلەیەکی جی سی ئیس ئی (GCSE) )، هەروەها ڕۆتینەکان تێکدەدات و وا لە خوێندکارەکان دەکات کە ئاسانتر بکەونە نێو داوی تاوانەوە.

خوێندکارەکان نابێت هەرگیز کاتی خوێندنگا بفەوتێنن بۆ هۆکاری وەک بازارکردن، جەژنی لەدایک بوون یان لەبەر چاوەڕوانکرنی کەسێک کە لەماڵەوە شتێک چاکدەکاتەوە.

**فەوتاندنی دەوامی خوێندنگا بە شێوەیەکی جیدی کار لە هەلەکانی ژیان دەکات.**

## "بۆچی ئاگادارینامەی سزا دەرکراوە؟"

دایکوباوکان/سەرپەرشتیاران سەرپێچی دەکەن ئەگەر منداڵێک بەبەردەوامی نەچێت بۆ خوێندنگاو ئەو بۆ بزربوونەش ڕەزامەندی خوێندنگای لەسەر وەرنەگیرابێت (ڕێگەپێنەدراوبێت).

لەهەندێک بارەدا بزربوونی ڕێگەپێنەدراو پێدەچێت ببێتە هۆی درانە دادگا بەگوێرەی برگەی 444 لە یاسای پەروەردەی ساڵی 1996.

یاسای هەڵسوکەوتە دژە کۆمەڵگاییەکانی ساڵی 2003 ئاگادارینامەی سزای پێشنیارکرد وەک جێگرەوەیەک بۆ درانە دادگا.

ئاگادارینامەی سزا دوای ئەوەت لێناکات کە لە دادگا ئامادەبێت، بەڵام هێشتا هەر بەئامانجی ئەوە دەبێت کە دەوام باشتر بکات.

## "ئاگادارینامەیەکی سزا چەندەیە؟"

£50 ئەگەر لە ماوەی 28 ڕۆژدا پارەکە بدرێت.£ 100 ئەگەر لەدوای ئەوە بدرێت بەڵام لەماوەی 42 ڕۆژدا.

## "کەی بەکار دەهێنرێن؟"

کاتێک خوێندنگا پێشوەخت ڕازی بوو بە کە منداڵەکەت نەچێت بۆ خوێندنگا یان ڕوونکردنەوەکەی تۆی قبوڵکرد، ئەوا ئەو بزربوونە 'ڕێگەپێدراوە'. هەموو بزربوونێکی دیکە 'ڕێگەپێنەدراوە'.

**ئاگادارینامەی سزا پێدەچێت بەکاربهێنرێن کاتێک کە بزربوون ڕێگەپێنەدراوە، بۆ نمونە کاتێک:**

- دایک یان باوک منداڵەکەی دەبات بۆ پشوو لەکاتی ماوەی دەوامی خوێندنگادا بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی، بەتایبەتی کاتێک ئەوە ببێتەهۆی ئەوەی کە خوێندکاران تاقیکردنەوەیان لەدەست بچێت ، وەک تاقیکردنەوەی سەرتاسەری هەڵسەنگاندن ( SATs) یان جی سی ئیس ئی (GCSE ).
- لێکۆڵینەوە لە خوێندنگا دوای ساخکردنەوەی بزربوون لە خوێندنگا ئەوە دەربخات کە بزربوونی ئەو خوێندکارە لەو کاتەدا ڕێگەپێدراو نەبووە.
- خوێندکارەکان بەبەردەوامی دوادەکەون لە گەیشتنە خوێندنگا دوای ئەوەی کە تۆمار دادەخرێت.
- خوێندکارێک 8 بزربوونی ڕێگەپێنەدراو یان زیاتری هەیە لە ماوەی 10 هەفتەی ڕابوردودا.

## "دەبێت من چی بکەم ئەگەر منالەکەم نەچێتە خوێندنگا؟"

**ئەگەر منالەکەت ناچێتە خوێندنگا تۆ دەتوانیت:**

- قسەیان لەگەڵ بکە بۆ ئەوەی بۆت دەربکەوێت بۆچی ناچن.
- چاوپێکەوتن سازبکە لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی خوێندنگا بۆ ئەوەی مەسەلەکە تاوتوێ بکەن و هەوڵبدەن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.
- پەیوەندی بکە بە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پەروەردەوە بۆ ئامۆژگاری و ڕێنمایی (ژمارە تەلەفونەکان وان لە پشتەوە).
- هەوڵبدە لەوە تێبگەیت کە چ شتێک ڕوودەدات بۆ منالەکەت و یارمەتیان بدە کە کێشەکە چارەسەر بکەن.

پەروەردە کلیلی سەرکەوتنیانە لە پاشەڕۆژدا لەبەر ئەوە گرنگە کە بەزووترین کات کێشەکانیان چارەسەر بکەیت.

## "بۆ ئەم بلاڤۆکەیان ناردووە بۆ من ؟"

ئەم بلاڤۆکە نێردراوە بۆ هەموو دایکوباوک/سەرپەرشتیارێک بۆ ئەوەی هەموو کەس هوشیار بێت کە پێویستە منالەکەیان بەبەردەوامی دەوام بکات و لەکاتی خۆیدا ئامادە بێت بۆ ئەوەی باشترین دەسکەوت بەدەست بهێنن.

شتێکی گرنگە کە دایکوباوک و سەرپەرشتیاران لە بەرپرسییەاکانی خۆیان تێبگەن و لە دەرەنجامەکانی ئەوەش تێبگەن کە ڕوودەدات کاتێک منالەکانیان بە بێ پرس لە خوێندنگا بزر دەبن.

## "دەبێت من چی بکەم ئەگەر منالەکەم لە خوێندنگا بزربوو ؟"

لەیەکەم بەیانیی بزربوونیاندا بەزووترین کات تەلەفون بکە بۆ خوێندنگا بۆ ئەوەی هۆیەکەیان بۆ ڕوون بکەیتەوە.

دیداری ڕۆتینی پزیشکی ددان و دوکتور بخەرە دوای کاتی خوێندنگا یان کاتی پشووەکان. ئەگەر پێویست بوو کە دیدارێک ساز بکەیت لەکاتی خوێندنگادا، یارمەتی منالەکەت بدە کە لە خوێندنگا بێت بۆ زۆربەی کاتەکە وە خوێندنگا لە دیدارەکە ئاگادار بکەرەوە.

لەوانەیە داوای بروانامەیەکی پزیشکی یان کارتێکی دیدارت لێبکەن ئەگەر منالەکەت زوو زوو بزربێت بەهۆی نەخۆشی یان دیداری پزیشکی ددان/پزیشکیەوە.

## "ئەی ئەگەر ویستم بچم بۆ پشوو؟"

پشوو لەکاتی دەوامی ساڵی خوێندندا بەشێوەیەکی ئاسایی ڕێگەپێنەدراوە. لەکاتی زۆر تایبەت و نائاسایدا داوای ڕەزامەندی لە بەڕێوەبەر بکە وە ڕێوشوێنی کارکردنی خوێندنگاکەش چاولێبکە.